

# هەندێك داواكاری پاش ١٥ سالْ لە تاوانی ئەنفال

عەلی مەحمود محەمەد ١٤-٤

ئەمرۆ لە یادی ١٥ ساڵەی ئەنفالە بەدناوەكاندا. كە یەكێكە لە كارەساتە هەرە ڕەشەكانی مێژوی مرۆڤایەتی. لە ماوەی ئەم ١٥ ساڵەدا هێشتا دوای ڕوخانی ڕژێمیش چارەنوسی ١٨٢٠٠٠مرۆڤ دیار نی یە. تا ئەمڕۆكەش خۆشەویستانی ئەو كارەساتە لەكەل تەقەی دەرگادا ڕادەچەلەكێن و چاوەڕوانی هاتنە ژورەوەی خۆشەوستەكانیانن. ئەوەی لە هەناوی خەمی ئەو خەلكەدا ژیابێت و خۆی یەكێك بێت لێیان دەزانێت ١٥ ساڵە چۆن ژیان بەسەرە بەن. نە دەسەڵات، نە دیموكراسی، نە ڕۆژنامەی ئازاد، نە حزبی كارتۆنی، نەسەتەلایت، . . . . هتد هیچی دادیانی نەدا. ئێستا بڕیار دەرانی ئەو تاوانە قەڵای دەسەڵاتی كوشت و بڕیان داڕوخا و سەری هەرەمی تاوان هەموو هەڵاتن یاخود خۆیان شاردەوە یاخود وەك ڕزگار كەر گەڕانەوە.

بەڵام ئەنجام دەرانی ئەو تاوانە لە عەرەب و كورد ئێستا لە سەر خاكی عێراقی ئازاد هەوای نیعمەتی دیموكراسی دەنۆشن. ئەو سوپاو جاشانەی هێرشیان كرد و ئەنفال كراوەكانیان لە كونە شاخەكان دەرهێناو چاو ساغیان دەكرد لە سەربازگاكانی تۆبزاوەو قۆرەتوو و تەقتەق و. . . كۆیانیان كردەوە، یاخود ئەو جاشانەی لە شارەكان بە كۆمەل تەسلیمییانیان كردەوە، ئەو شۆفێرەی خانوەكانی ڕوخاند یا ئەنفال كراوەانی گواستەوە، ئەو سەربازو ئەمنەی نیگابانی ئەنفالكراوەكانی كرد، ئەو دل ڕەقەی بە كۆمەل گولەبارانی كردن، ئەو پسپۆڕەی تاقیكردنەوەی گازی لە سەریان ئەنجام دا، ئەو بەعسیە ئەمینەی تا ئێستا نهێنیەكانی پاراست، ئەو فرۆكەوانەی ژەهری بە سەرماندا باراند، حەجاج و حەجاجیەكان* لە پیاوانی ئەمن و ئیستیخبارات هەزارانی لە توێنوەتی دا خنكاند و منال ی ساوای بەبەر چاو داكیەوە دا بە سەگەكانی بۆ خاردن ئەمانە هەمو ئازادن. ئەو فاۆكەوانانەی دەیانی وەك ملازم شالڵاویان** لەكاتی ژوانی بەیەك گەیشتن لەكەل خۆشەویستەكەی كرد بە ڕەژوو، یا ئەو جەمەدانی بەسەرەی هەزارانی وەك مام ڕەزایان*** تەسلم كردەوە، یاخود ئەو دل ڕەقانەی هاوڕێكانیان لە خەو یاخود لە سەنگەردا شەهید كردو پاشان لە دیموكراسی یە عاجباتی یە بێ وێنەكەی كوردەواریدا بونە پارێزەری دەسكەوتەكانی ڕاپەڕین. داخی مام جبرائیل**** و پلكە فاتم و هەزاران مام محەمەدی تەنیا و ٥٠٠٠ عومەر خاوەرەكەی هەلەبجەو ٨٠٠٠ بارزانی دادگای تاوانبارانیان لێمان دەوێت. ١٥ ساڵە لە كوردستانی ئازاددا قوربانیان لە چاوەڕوانی و برسییەتیدا ژیان بەسەرەبەن خۆشی سەفای دیموكراسییان بۆ خودا پیداوەكان بەجێ هێشتوە. ١٥ ساڵە لە سایەی بڕیارە ڕەشەكەی بەرەی كوردستانی لە لێبوردنە شومە گشتییەكەدا ئاهو نالە هەلە كێشن بو بە مۆتەكە بەسەریاەوە. ١٥ ساڵە دەوترێت دەس لەمانە بدرێت دەچنەوە بۆ لای ڕژێم. ئێستا ئەوەندەی دیكەش پەیوەست دەبن پێیانەوە ژمارەیان دەبێت بە دوو بەرابەر، شەڕە پەڕۆی ئایندەش پێویستی بەو سوپایەیە، سەركردایەتی هاوبەشیش تەنها بۆ شاشەی تەلەفزوێنە. ئەگەر ڕاستە دیموكراسی بۆ هەموانە با دەرگای دادگاكان بكرێنە سە پشت بۆ قوربانیان با دایك و منال و ژنە هەناو سوتاوەان ئەوانەی بهاری تەمەنیان دایە دەست چارەنوسی پیاوەكانیان بتوانن لە ڕێگەی دیموكراسیەتەوە داخی پەنگ خواردوی دلیان دەربڕن.

لەم یادەدا داواكارم لە هەردوو حكومەتی كوردستان ١٥ سالی دیكەش كەس و كاری قوربانیانی ئەنفال لە چاوەڕوانیدا نەهێلنەوە و هەنگاو بنێن بۆ

١-قەرەبوو کردنەوەیان لە ڕوی مادییەوە.

٢-دادگای کردنی تەواوی تاوانباران بێ جاوازی نەتەوایەتی.

٣-ئاشکرا کردنی چارەنوسی ئەنفالکراوەکان.

٤-ئەنجام دانی لێکۆلنەوە لەسەر ئەو تاواە بە بەشداری ئەنجام دەرانی.

٥- دیاری کردنی هەمو ئوانەی ڕۆلیان لەو تاوانە هەبوە و دیاری کردنیان بۆ جەماوەر.

٦-خستنە سەر پشتی دادگاکان بۆ کەس و کاری قوربانیان.

٧-لە شاری کەرکوکدا ناوی یەکێك لە گەڕەکەکان بنرێت قوربانیانی ئەنفال، خانوی بە عەرەبکراوەکانیان بدرێتێ، لە برِی داگیر کردنی لە لایەن بەرپرسانی حزبییەوە.

*حەجاج دڕەندەترین بەعسی بوە کە ئەنفالەکان بنیویانە لە نگرە سەلمان.

** پ م حزب الله بوو خەلکی گەلۆزی لە گوندی دەرماناو خۆشەویستەکەی کۆپتەر کردی بە ڕەژوو ڕوداوەکەم بە چاوی خۆم دی.

*** پ م ینك خەلکی گوندی کاولەسار ئەنفال کرا.

**** پ م حشع خەلکی گوندی شەوگێر تەنها خۆی دەرچوو.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org